"لە نەگبەتی، دوو جار خۆمم بەدبەخت کرد"

جیاوازیی تەمەنی خۆی و شووی یەکەمی ٦٥ ساڵ بووە



(سارا) لە تەمەنی (١٥) ساڵییەوە، دوای مردنی دایک و باوکی، بە تەنیا لەگەڵ براکەی ژیاوە.

دەگێڕێتەوە: "ڕۆژێک لە ڕۆژان، پیاوێکی تەمەن (٨٠) ساڵی، داوای لێ کردم شووی پێ بکەم. دواتر بۆم دەرکەوت کە (وەحید)ی برام لە لای ئەو کار دەکات، بۆیە پێی گوتم: "ئەگەر لەگەڵ ئەو پیاوە ژیانی هاوسەری پێک بهێنم، ئەوە بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ پیاوێک پەیدا کرد کە تا بڵێی ڕێکوپێک و جوان بوو. پێش ئەوەی داوای ئەوەی لێی بکەم مارەم بکات، خۆی هاتە پێشەوە و داوای کرد کە پێکەوە ژیانی هاوسەری پێک بهێنین و چەند مەرجێکیشی خستە بەردەمم، یەکێک لە مەرجەکان، ئەوەبوو کە نابێت بە هیچ شێوەیەک لای کەس باسی بکەم کە مێردم بەو پیاوە کردووە.

هەرچوونێک بێت، ڕازی بووم بەوەی مێردی پێ بکەم، پێی گوتم کە ئەو خێزاندارە و چەند منداڵێکی هەیە، هەر بۆیە گوتی: "پێم خۆشە ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی نهێنی بێت، تاوەکوو شیرازەی خێزانەکەم تێک نەچێت".

ماوەیەکی زۆر، ژیانێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، زۆر پێم خۆش بوو منداڵێکمان هەبێت، کەچی مێردەکەم پێی گوتم: "ئەگەر منداڵت ببێت، ئامادە نیم بە ناوی خۆم تۆماری بکەم". گوتیشی: "لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو شتەم بە تۆ گوتووە، تۆیش بە مەرجەکەم ڕازی بووێت".

لەو هەڵسوکەوتەکەی مێردەکەم، بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە هیچ مافێکی هاوسەریم نییە و هەستم کرد زیاتر وەکوو خزمەتکارێک دێمە بەرچاو، هەتا لە ڕۆژانی کۆتایی ئامادە نەبوو کە لەگەڵم بێت بۆ لای پزیشکیش".

"بیرم لە شووی دووەم کردەوە"

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کۆڕەکەم لەم خانووەدا ژیانێکی خۆشمان بەسەر برد، ئیتر بیرم لەوە کردەوە کە هێشتا گەنجم و پێویستیم بەوە هەیە جارێکی دیکە ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێکی بەدڵی خۆم پێک بهێنم، ئەوە بوو ئاشنایەتیم لەگەڵ پیاوێک پەیدا کرد کە تا بڵێی ڕێکوپێک و جوان بوو. پێش ئەوەی داوای ئەوەی لێی بکەم مارەم بکات، خۆی هاتە پێشەوە و داوای کرد کە پێکەوە ژیانی هاوسەری پێک بهێنین و چەند مەرجێکیشی خستە بەردەمم، یەکێک لە مەرجەکان، ئەوەبوو کە نابێت بە هیچ شێوەیەک لای کەس باسی بکەم کە مێردم بەو پیاوە کردووە.

هەرچوونێک بێت، ڕازی بووم بەوەی مێردی پێ بکەم، پێی گوتم کە ئەو خێزاندارە و چەند منداڵێکی هەیە، هەر بۆیە گوتی: "پێم خۆشە ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی نهێنی بێت، تاوەکوو شیرازەی خێزانەکەم تێک نەچێت".

ماوەیەکی زۆر، ژیانێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، زۆر پێم خۆش بوو منداڵێکمان هەبێت، کەچی مێردەکەم پێی گوتم: "ئەگەر منداڵت ببێت، ئامادە نیم بە ناوی خۆم تۆماری بکەم". گوتیشی: "لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو شتەم بە تۆ گوتووە، تۆیش بە مەرجەکەم ڕازی بووێت".

لەو هەڵسوکەوتەکەی مێردەکەم، بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە هیچ مافێکی هاوسەریم نییە و هەستم کرد زیاتر وەکوو خزمەتکارێک دێمە بەرچاو، هەتا لە ڕۆژانی کۆتایی ئامادە نەبوو کە لەگەڵم بێت بۆ لای پزیشکیش".

"بە چاوێکی کەم سەیر دەکراین"

دوای چەند ساڵێک، لەو کاتەی کۆڕەکەم لە قۆناغی ناوەندی بوو، هەستی بەوە دەکرد کە قوتابییەکان، بە چاوێکی کەمەوە سەیری دەکەن، لەبەر ئەوەی بەردەوام هاوڕێیەکانی لە قوتابخانەی پێیان دەگوت: " ئەو پیاوە کێیە جارجارە دێتە ماڵتان و ئۆتۆمبێلەکەی لە پێش ماڵتان ڕا دەگرێت"، کۆڕەکەم ناچار بوو کە بە شەرمێکی زۆرەوە پێیان بڵێت: "ئەو پیاوە مێردی دایکمە و ژنێکی دیکەی هەیە و نایەوێت کەس بزانێت کە دایکم شووی پێ کردووە"، ئیتر بە گوتەی کۆڕەکەم، بەردەوام هاوڕێیەکانی گاڵتەیان پێ دەکرد.

ئەوە وای لە کوڕەکەم کرد کە لە خەڵک دوور بکەوێتەوە و بەردەوام گلەیی لێ دەکردم و پێی دەگوتم: "بۆچی ڕازی بەو شێوەیە مێردکردنە بووی". منیش هیچ وەڵامێکم نەدەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لە ناخی خۆمدا دەمگوت: "دایکت نەگبەتە.....دوو جار خۆی فرۆشتووە".

سەرچاوە: بی بی سی

وەرگێڕانی بەشی کۆمەڵایەتی

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، (٥٠٣١) حاڵەتی نەخۆشیی (ئەنفلەوەنزای بەراز) تۆمار کراون

کوێت یەکەمە و عێراقیش حەوتەم

بە گوێرەی ئامارێکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، تاوەکوو ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی ڤایرۆسی (ئەنفلەوەنزای بەراز) هاتوون، گەییشتووتە (٥٠٣١) حاڵەت.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە کۆی (٢٢) وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (٢١) وڵات بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (ئەنفلەوەنزای بەراز)یان لە ناو وڵاتەکانیان ڕاگەیاندووە و پێش چەند ڕۆژێکیش، وڵاتی (جیبوتی) یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی (h١n١) کە بە (ئەنفلەوەنزای بەراز) ناسراوە، ڕایگەیاند.

شایانی باسە، دوای بڵاوبوونەوەی (ئەنفلەوەنزای بەراز)، تەنیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (٢١) کەس گیانیان لە دەست داوە، کە لەم خشتەی خوارەوەیش بە ڕوونی دەر دەکەوێت.

کاروان ستونی

وڵات	تووشبووەکان	مردووەکان
ئەفغانستان	٣٢	٠
ئوردن	١٥٢	٠
ئیمارات	٧٩	٠
ئێران	٢٨٥	١
پاکستان	٢	٠
بەحرەین	٨٣	٠
تونس	٣٩	٠
لیبیا	١٩	٠
جیبوتی	٧	٠
سوریا	٢٥	٠
عەرەبستانی سعوودیە	٥٩٥	٤
عێراق	١٦٦	١
عومان	٧٦٣	٦
قەڵەستین	١٢٣	١
قەتەر	٢٣	١
کوێت	١٤٢٤	٤
لوبنان	٣٥٢	١
میسر	٧٠٣	١
مەغریب	١٣٥	٠
یەمەن	٢٢	٠
کۆی گشتی	٥٠٣١	٢١